# ئایندەی کوردستان و کام ڕێگا ... ؟

نالە حەسەن

چەند مانگێك دوای رووخانی رژێمی بەعس ,  ناوەرۆکی هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا و ناسیۆنالیستەکانی کورد و عەرەب و مەزهەبییەکان لە پێکهاتنی ئەنجومەنێکی کاتی بۆ حوکم بەرجەستە بۆتەوە . کە ئەم ئەنجومەنەش هەر لە سەرەتای  پێکهاتنیەوە بۆتە جێگای  نارەزایەتی دەربرینی خەڵك و کەسانی ئازادیخواز و پێشکەوتووخواز . لە هەمان کاتیش دا تا سەر ئێسقان نوێنەرایەتی کۆنەپەرستی و سیناریۆیەکی رەش دەکات بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق . ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە پێکهاتووە ( لە مرۆڤ کوژو جەلاد و سەرۆك خێل و مێزەر بەسەرەکانی شیعە و .... ) ئیدی ئەمە دەبێت چ ئەنجومەنێك بێت و چ حوکم و دەسەلاتێکی لیَ بێتە دەرەوە ... ؟!! پاشان بە چ پێوانەیەك بوونەتە حاکم بە سەرمانەوە ... ؟ ئەمە بۆ ئێستا , بۆ ئایندەش باس لە فیدرالیزمێکی عەجیب و غەریب دەکەن هەر لە ئێستاوە رووباری خوێن بە بەردەم دەروازەی حاکمیەتەکەیان دا دەروات . ئاخر ئەوانە لە کۆنگرەکەی لەندەن را ئەوەیان جێگیر کردووە کە ئایینی رەسمی دەولەت ئایینی ئیسلامە . کە هەمووشمان دەزانین ( جیای دین لە دەولەت ) یەکێك لە بناغە سەرەکیەکانی فیدرالیزمە . ئەوە لە ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و پێشێل کردنی خواست وئیرادەی خەڵك هەر گەڕێن ... ! بەلام لە فیدرالیزمە لینگە و قووچەکەی ئەمان کە بۆ ئایندەی عێراقیان داناوە , بەر لە دایکبوونی مۆری بە ئیسلام بوونیان لە نێو چاوانی داوە . بە مانایەکی تر هەر لە ئێستاوە شیرەکەی ئیمامی ( عەلی ) یان لە بیَ دینەکان و ئازادیخوازەکان و ژنان ... هەڵکێشاوە   !! . بە کورتی دووبارە بوونەوەی پرۆسەی دەسەلاتەکەی جمهوری ئیسلامی ئێران . بە مانایەکی تر تەسلیم بوونمان بە دۆزەخێکی واقعی و ئەبەدی ...! ئەوە بە جیا لە دەستپێکردنەوەی شەر و ئاژاوە و دوژمنایەتی تایفەگەری و مەزهەبگەرایی و میللەتگەرایی . جا بۆ خۆبە دوور گرتن لە پەرێزی ئەم ئایندە رەشە من ئێستاش , جیابوونەوەی کوردستان و پیکهاتنی دەولەتێکی سەرلەخۆ بە ئیجابی دەبینم . ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای ریفراندۆمێکی ئازادانەی خەڵکەوە روو بدات . بۆ ئەم مەبەستەش هۆکار و دەلائیلەکانم یەکجار زۆرن .

به جيا لەوەی کوردیش وەك هەر میللەتێکی سەر ئەم رووی زەمینە مافی خۆیەتی , کە دەولەتی خۆی هەبێت و خۆی حاکمیەتی خۆی بکات و بە زمانی دایکی خۆی قسە بکات و بە هاوولاتی دەرەجە یەك چاو لێبکرێ .... هتد . بە پێی ئەو بێ ئاسۆ و بێ ئومێدی یەی کە بۆ ئایندەی عێراق دەیبینم کە لە سەرەتای ووتارەکەم بە رۆشنی باسم کردووە , وە بەو پێیەش ئێمە و عەرەب لە عێراق دا نزیکەی نیو سەدەیە گەورەترین دیوار لە نێوانمان دا هەیە پێی دەلێن ( بەعسیزم ) , پێی دەڵێن / کیمیا باران و ئەنفال و کۆرە و .... دروونی هەر تاکێکی کوردی سەیر بکەین دەبینین دەروونێکی کیمیا لێدراو و ئەنفال کراو و لە ترسی مەرگ هەر لە کۆرەو و کۆچ دایە ... ! بە مانای دەروونی تاکی کوردی دەروونێکی وون و تۆقێنراوە ... !! . ئیدی ئەم سێکوچکەیە کاردانەوەیەکی زۆر زۆری لە باری دەروونی یەوە لە سەر هەر تاکێکی کوردی داناوە . من پێم وا نیە وا بە ئاسانی ئاسەوارەکەی بسرێتەوە . جا بۆیە ئێمە و ئەوان , دوو پێکهاتەی جیاین و دوو کەلچەری جیامان هەیە / دوو تێروانینی جیامان هەیە بۆ دنیا , بۆ واقیع , بۆ ئایندە , بۆ دەسەلات ... ! بۆیە من پێم وا نیە لە چوارچێوەی یەك دەسەلات جێگامان ببێتەوە !!!! . بۆیە وا پێویست دەکات هەموو هەوڵەکانمان یەکخەین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی پێکهاتنی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان . وە ئەوانەیش کە چاویان بریوەتە حاکمیەتەکەی ئەنجومەنە کۆنەپەرستانەکەی( شیعە و شیوعی و ناسیۆنالپستەکانی ) ئێستا و فیدرالیزمە سەیرو سەمەرەکەی سبەینێیان , وە لەم پێناوەدا دژایەتی پێکهاتنی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دەکەن , پێویستە ئەمانە سووك و ریسوا بکرێن .

چونکە من هەموو شتێکی ئیجابی بۆ ( دەولەتی کوردستان ) ی ئایندە بە مومکین دەبینم بۆ نموونە جیایی دین لە دەولەت , جمهوری سۆشیالیستی , کۆمەلگەیەکی پێشکەوتوو لە باری پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و فەلسەفە و زانست و ...هتد

بەڵام هەموو ئەمانەی سەرەوە بۆ عێراق و کوردستان بە گشتی بە مەحال دەبینم ... !!!!

کەنەدا / سەرەتای ئۆگستی 2003